چیرۆکی وەرگێڕدراو

# چوار چیرۆکی ریچارد براتیگان

Richard Bratikan

ن: حسێن نووش ئازەر




* دیمەنێک لە ژیانێکی هاوسەرێتی
* چەند پەڵەهەورێ بە ئاسمانی میسرەوە
* ئاو و هەوای سانفرانسیسکۆ
* ستۆدیۆی ژمارە ٥٤

و: مستەفا زاهیدی

ریچـــارد گــری بـراتیـگان ڕۆژی ٣٠ی ژانـوویەی ١٩٣٥ لـە دایک بووە و ٢٥ی ئۆکـتـۆبەری ١٩٨٤ لە وەرزی راودا خـۆی کـوشت. براتیگان یەکێک بوو لە ئەندامـانی بزووتنەوەی بیت و یەکێک بوو لە چالاکـانی بەرەی بیت. کـە بە بـەرەیەکی یاخـی و سـەرکـەش دەناسرێن لە ئەدەبی ئەمریکادا. براتیگان و ئالن گینزبێرگ وەک قـەڵەمــە دیارەکـانی بەرەی بیت، دەناسـرێن. براتیگان چ وەک شاعیر و چ وەک چیرۆکنووس و ڕۆماننووس کۆمـەڵێک بەرهـەمی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە. لە ئەدەبی گێڕانەوەدا دیارترین بەرهەمەکانی بریتین لە:

**١- راوی قزڵ ئالا لە ئەمریکا**

**٢- لە شەکری شووتیدا**

**٣- لەباربردنی مناڵ**

**٤- لە خەونی بابلدا**

**٥- ژێنراڵی هاوپەیمانان. خەڵکی بەیگ سوور**

هەر وەها کتێبە شیعرەکانی بریتین لە:

**١- پاشایەتی دووهەم**

**٢- تکایە ئەم کتێبە بچێنن**

**٣- ٣٠ ژووئن، ٣٠ ژووئن**

## کەسایەتی چیرۆکەکانی ریچارد براتیگان

ریچارد براتیگان چیرۆکی ژیانی ڕۆژانەی ئەو کەسایەتییانە دەگێڕێتەوە کە لە روانینێکی گـشـتـیدا گلەیی و سکالایان لـە ژیان هـەیەو لە هـەمـان حـاڵیشـدا کـەسـانێکن کە لە گـەڵ دەرووبەری خــۆیـاندا دەســازێن و هاودەردی دەکــەن. ئەوان لە ژیانێکدا دەژین پڕاوپڕ لە شکست، دامــاوی و فــرەخــوازی بێ ئەنجـام و هـەندێ جـار پـەنا هێنان بۆ تـەمــبــەڵی و سـەرخۆشی گـەلێک، کە زۆرتـر بێ هیوایی دەخـاتە روو. براتیگان لای وایە ئەنجامی هەوڵی مرۆڤ بۆ گـەیشتن بە سـەروەت و سـەرمـایە وەک یەکێک لە زاڵترین نۆرمـەکانی کۆمـەڵگەی ڕۆژئاوایی(بۆرژوازی) کۆیلەتییە. هەر بۆیە لە کورتە چیرۆکەکانیدا ئێمە لە گەڵ کەسانێکدا ئاشنا دەبین کـە زۆربەیان لە پەراوێزی شـارەکانـدا دەژین و بە مانایەکی گشـتی ئەو بەهـا و

نۆرمە باوانەیان پەسەند نەکردووە. لە تەنیشت ئەوانەدا هەن ئەو کەسایەتییانەی بۆ زیندوو مانەوە لەم کۆمەڵە مرۆڤ کوژەدا هەوڵ دەدەن. براتیگان بە زمانێکی سادە ژیاننامەی ئەو کەسانە دەگێڕێتەوە کە ئارەزووەکانیان زۆر سادەیە و لە هەمانکاتیشدا بە دی نایەن. براتیگان بەها بە پەراوێز نشینەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکا دەدات- ئەوانەی کە هیچ دەسکەوتێکیان لە "ژیانی ئەمریکایی" نەبووەو تەنها بەشی ئەوان لەم پرۆژەیەی ئارامی و ئاسایشە هەژاری و بێ ناونیشان بوونە. بەم شێوەیە ئەوان ناچارن بیرەوەرییە رۆمانتیکەکانی سەردەمی لە دەستچووی گەنجی خۆیان بگێڕنەوە و بەمە خۆشحاڵ دەبن. هەر بۆیە زمانی چیرۆکەکانی وەک چیرۆکەکانی شروود ئاندرسۆن لە چیرۆکەکانی Wi-nesburg, Ohio مالیخولیاییە و غەمێکی شاراوە دەخاتە روو.

بێ شوناس بوون لە کەسایەتییە دووهەمەکانی ئەودا رەنگدانەوەیەکی زۆرتری هەیە: لە رۆمانی " ژێنراڵە هاوپەیمانەکاندا" تێلما ناشیرینترین ژنی جیهان، سۆزان یان مامۆستای دڵناسکی مۆسیقا یان گراوی لی ملۆن (قارەمانی چیرۆک) ، باوە گەورەی ملۆن و تەنانەت خودی ئەو کە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا روو دێنێتە خورافات و ئەشکەوت نشینی لە بیگ سوور لەم کەسایەتییانەن کە شوناسی خۆیان لە دەست داوە. لە رۆمانی " راوی قزل ئالا لە ئامریکا" ئاغای نۆریس کە دوای ٣ جار ژن هێنان بێ ئەنجام تەنانەت ناوی منداڵەکانی خۆشی لە بیر بردۆتەوە، یەکێکە لە درەوشاوەترین سەرچەشنەکانی ئەم گرۆتسکە. یان لە چیرۆکێکی تر لەم رۆمانە :" هوتێلی ماسی قزل ئالا" بەسەرهاتی ژن و مێردێ دەگێڕێتەوە کە لە ژووری ژمارە ٢٠٨ لە ژوورەکانی ئەم هۆتێلە لە ترسی گەوادێک خۆیان شاردۆتەوە و مل دەدەن بە ژیانێکی پڕ لە ترس. زۆربەی کەسایەتییە درەوشاوەکانی کۆمەڵە چیرۆکی " تۆکیۆ- مۆنتانا- کێسپێرس" نووسەرانێکی بێ ناو نیشانن، یان کەسانێکی لە بیرکراو و شکست خواردوون لە کاری عەشق و ژیانن کە لەوپەڕی تەنیایی و داماویدا ژیان بە سەر دەبەن. چیرۆکی یەکەمی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە، بەسەرهاتی مۆسیقاژەنێکە کە بۆ دۆزینەوەی زێڕ دەڕوا بۆ ئالاسکا و لە رێگادا دەمرێ. کەسایەتیی چیرۆکەکانی براتیگان بە هۆی هۆکاری دۆڕانی شوناسەوە ناناسرێنەوە هەربۆیە ناکرێ ناویان بنرێ " کەسایەتی" بەڵکو تەنها ئامراز یان باشتر بڵێین راگەیاندنێکن بۆ خستنەڕووی تەنیایی مرۆڤی رۆژئاوایی و بێ عەدالەتی لە ئەمریکا وەک کێشەیەکی کۆمەلایەتی. هەر لەم رووەوەیە چیرۆکەکانی براتیگان لە هەرێمی چیرۆکە کۆمەلایەتی و رەخنەگرانەکان نزیک دەبنەوە و زۆربەی جار جێگای ئەوەیان هەیە کە شی بکرێنەوە و بەشێک لە کەسایەتی نووسەر دەخەنە روو. لەم

رووەوە دەبێ ئەوە لە بەر چاو بگرین ئەدەبی ئەمریکا لە دوو دەیەی شەست و حەفتا لایەنێکی بەهێزی ئۆتۆبیۆگرافیان هەیە. منداڵیی براتیگان هاو کات بوو لە گەڵ قەیرانی ئابووری و هەژاری گشتگیر لە ئەمریکا. بەم شێوەیە بوو دایکی براتیگان لە بەر هەژاری ناردی بۆ هەتیوخانەیەک و تا ئەو کاتەی مرد ژیانێکی پڕ کێشەی هەبوو لە گەڵ کوڕەکەی (براتیگان). بە پێی گێڕانەوەیەک کە لە دەفتەری بیرەوەریی کچێکی براتیگاندا نووسراوە تەنانەت کەس بۆی نەبووە ناوی دایکی (براتیگان) ببات. لە لێکدانەوەی کورتی کارە ئەدەبییەکانی براتیگان دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە خەیاڵ پێگەیەکی زۆر کەمی هەیەو لایەنی ئۆتۆبیۆگرافی زۆرتر دەبیندرێ تا ئەو ئاستەی لە دوایین رۆمانیدا "ژنێکی چارە رەش" ئێمە لە گەڵ نووسەر و ژیانی رۆژانەی ئاشنا دەبین لە دراوسێیەتی مەرگدا. براتیگان ئەم چیرۆکە لە ژوورێکی تاریکدا دەگێڕێتەوە کە بەر لەو ژنێ لەوێدا خۆی هەڵواسیوە. دوای کۆتایی هاتنی ئەم چیرۆکە براتیگان بە سێ فیشەک کۆتایی بە ژیانی خۆی دینێ.

### چەند چیرۆکێکی ریچارد براتیگان

## دیمەنێک لە ژیانێکی هاوسەرێتی

کچەی چارە رەش! لە تۆکیۆدا بەخت هاوڕێی نەبوو. کە دیتم لام وابوو کوڕێکی قەڵەو و ناشیرینە. نزیک بە ١٠ چرکەی خایاند بەوە زانیم کچە - نزیک بە ٢٠ ساڵی تەمەن بوو. زۆر بە ئەستەم دەکرێ بزانی خاتوونە ژاپۆنییەکان چەن ساڵیان تەمەنە. کە زانیم ئەو بوونەوەرە کچە دڵم لێدانی لە بیر چووەوە.

١٧٥سانتی مەتر باڵای بوو و نازانم سەد و چەند کیلۆ کێشی. کەسێکیشی لە گەڵ بوو کە رەگەز و باڵایم لەبیرچووەتەوە. چونکە ئەو کاتەی زانیم ئەم بوونەوەرە کچە، شت و کەسەکانی تر بە تێکڕا گرینگی خۆیان لە دەست دا و بێ بەها بوون.

پانتۆڵێکی جین و تی شێرتێکی سپی لە بەردا بوو. بۆچی وەسفی جلەکانی بەری دەکەم. جلەکانی بەری هیچ گرینگ نین. ئەمانە هەموویان پووچ و بێ بەهان. رەنگە لە بەر ئەوە جلەکانی وەسف دەکەم کە ناچار نەبم شتێ کە دەمەوێ بینووسم بنووسم.

کە کچە لە لامەوە رەت بوو پێکەنی و من دیتم ددانەکانی پێشەوەی کەوتوون. دەمی تەنها وەک چاڵێکی پەمەیی دەچوو لە قارەی ئاسیا.

دەزانم کەسانێکی تر هەن کە لەم کچە زۆر چارەڕەشترن، ڕەنگە کچە کەس و کار و هاوڕێیانێکی هەبا کە دەیانتوانی موحێبەت بکەن بە کچێکی قەڵەو و ناشیرینتر و خۆشیان بوێ- کچێ کە وەک کوڕێکی ناشیرین دەچێ و ددانەکانی پێشەوەی هەموو کەوتوون و ڕەنگە ڕۆژێ ئەم کچەش مێرد بکات بە پیاوێ کە حەزی لە ژنانی ناشیرینتر و بێ ددانە.

ڕەنگە ئەم کچە وەک ئێوە بچێ کە خەریکی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەن و ڕەنگە ئێوە خوشک یان برای لفەدوانەین و ڕەنگە هەندێ جار نەتوانن خۆتان لەو بناسنەوە و هەر بۆیە هەندێ جار سەرتان لێ دەشێوێ و بۆ دۆزینەوەی شوناسی ونبووی خۆتان هەوڵ دەدەن لەم خاڵە بگەن کە کێ بە کێیە و جیهان بە دەستی کێوەیە.

## چەند پەڵەهەورێ بە ئاسمانی میسرەوە

شەمەندەفەرێ لە قاهیرەوە بەرەو ئەسکەندەرییە دەڕوات. ئەمڕۆ لەو ڕۆژانەیە کە میسر ئاسمانێکی شینی هەیە و تەنها چەن پەڵە هەوری سپی لە تاقی ئاسماندا دەبیندرێ. دانیشتووم لە شوێنێ لە کالیفۆڕنیا- لە شارێکی دوور لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لێرەوە لە تەلەفیزیۆنەوە تەماشای شەمەندەفەڕ دەکەم.

چاو لە شەمەندەفەڕ دەکەم و لە هەمانکاتدا بیرم لای پەڵە هەورە میسرییەکانە. لە چەن حەوتوو یان ڕەنگە چەند مانگ لەوەو پێش ئەمە یەکەم هەورگەلێکە کە دەیبینم. من نەمزانیبوو. لە کەیەوە ئیتر چاو لە ئاسمان ناکەم؟

لە شەمەندەفەڕدا دوو سەرۆک کۆمار، پریزیدنت جیمی کارتر و پریزیدنت ئەنوەر سادات دانیشتوون. ئەوان بە شوێن ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا دەگەڕێن. ئاشتی، ڕەنگە شوێنێ لە بیابان، لە قاڕستان. هەر ئەو کاتەی ئەوان بە شوێن ئاشتیدا دەگەڕێن ، من چاو لە هەورەکان دەکەم و بە شوێن وەڵامێکدا دەگەڕێم بۆ ئەم پرسیارە کە هەورەکان چ گرینگییەکیان هەیە؟

ئێمە هەموومان لە مێژوودا ئەرکێکمان لە سەر شانە، هەورەکان ئەرکی مێن لە مێژوودا.

## ئاو و هەوای سانفرانسیسکۆ

دوای نیوەڕۆیەک بوو، قەسابێک کە خەریک بوو "پاوندێ" گۆشتی دەفرۆشت بە پیرەژنێک، بەڵام کێ دەیزانی وەها پیرەژنێک پاوندێک گۆشت چ لێ دەکات. ئەو هەموو گۆشتە بۆ ئەو زۆر زۆر بووە. ڕەنگە بۆ کەنووەکەی دەیویست ، کە پێنجسەد هەنگە زێڕینەکەی، بە لەشی پڕ لە هەنگوینەوە، لەماڵەوە چاوەڕوانی گۆشت بوون.

قەساب وتی :"ئەمرۆ چ جۆرە گۆشتێکت دەوێ؟ هەمبەرگری باشمان هەیە ئەمرۆ، بە گۆشتی پاککراوی بێ ئێسک!

پیرەژن وتی :" نازانم، ئاخر هەمبەرگر شتێکی ترە." چی؟ ئەرێ لە گۆشتی بێ ئێسک دروست کراوە، خۆم داومە لە مەکینە، گۆشتی بێ ئێسکم تێکردووە"

پیرەژن وتی : "پێ ناچی هەمبەرگر باش بێت."

قەساب وتی : "بەڵێ، رۆژێکی باشە بۆ هەمبەرگر. تەماشای دەرەوە بکە. هەوراییە. بەشێ لەو هەورانە باراناوین. ئەگەر من بم هەمبەرگر دەبەم."

پیرەژن وتی "نە، هەمبەرگرم ناوێ و لاشم وا نییە باران ببارێ. لام وایە تاو هەڵدێ، رۆژێکی خۆش دەبێ، پاوندێ جگەرم دەوێ."

قەساب دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو. پێی خۆش نەبوو جگەر بفرۆشێتە پیرەژنەکان. شتێ هەبوو کە زۆری تووڕە دەکرد. ئیتر پێشی خۆش نەبوو لە گەڵ پیرەژنەدا قسە بکات. بێ مبالاتانە لەت لەت پاوندێ جگەری بڕی و پێچایە کاغەزێکی سپییەوە و خستیە ناو پاکەتێکی قاوەیی. ئەم کارەی پێ ناخۆش بوو. پارەی پیرەژنەی وەرگرت و باقیەکەی پێ داوە و بەرەو بەشی گۆشتی مریشک و باڵندەکان کەوتە رێ بۆ ئەوەی تووڕەییەکەی دامرکێتەوە. پیرەژنەکە ئێسکەکانی وەک تیغی کەشتی بە کار دەهێنا، رەت بوو و رۆشتە سەر شەقامەکە. وەها جگەرەکەی دەبرد وەک ئەوەی خەریک بێت سەرکەوتنێکی گەورە لە سەراولێژی تەپۆڵکەیەکەوە بەرەو سەر ببات. سەر دەکەوتە سەر تەپۆڵکەکە و چوون زۆر پیر بوو ئەم کارە دژوار بوو بۆی. ماندوو دەبوو و ناچار بوو بەرلەوەی بگاتە سەر تەپۆڵکەکە چەند جار بوەستێ.

ماڵی پیرەژنە لە سەر تەپۆڵکەکە بوو. ماڵێکی بەرزی سانفرانسیسکۆیی بە دەلاقەی کەوانی کە رۆژی هەوری تێیدا شەوقی دەدایەوە. پیرەژنە جانتاکەی کە وەک مەزرایەکی بچووکی پایز دەچوو کردەوە، لە لای لقێکی شکاو و کەوتووی دارسێوێکی کۆن، کلیلەکانی دۆزییەوە.

ئینجا دەرگاکەی کردەوە. کلیل هاوڕێیەکی ئازیز و جێگای باوەڕ بوو. لە بەر دەرگاکەدا سەرێکی راوەشاند و چووە ژوورەوە و لە هۆڵەکەوە رەت بوو و چووە ژوورێکەوە پڕ بوو لە هەنگ.

ژوورەکە پڕ بوو لە هەنگ. هەنگ لە سەر کورسییەکان، لە سەر وێنەی دایک و باوکی کە مردبوون. هەنگ لە سەر پەردەکان. هەنگ لە سەر رادیۆیەکی کۆن کە سەردەمانێک دەیەی

٣٠ گوێی پێ دەدا. هەنگ لە سەر شانەو برۆسەکانی.

هەنگەکان هاتنە پێشوازییەوە و عاشقانە دەوریان لێ دا، لە حاڵێکدا پیرەژنە جگەرەکەی کردەوەو خستیە ناو کەشەفەیەکی زیوی هەورییەوە کە زۆر زوو بوو بە رۆژێکی هەتاوی.

## ستۆدیۆی ژمارە ٥٤

لە ٧ ساڵی رابردوودا هەموو جار تەلەفۆنی بۆ دەکەم لە ماڵە. لە حەوت ساڵی رابردوودا رەنگە ٧٠ جار تەلەفۆنم بۆ کردبێ و لەم ماوەدا ئەو هەموو کات تەلەفۆنەکەی هەڵگرتووە.

پێوەندییە تەلەفۆنییەکانم هیچ نەزم و نەسەقێ ناناسن. بە واتایەکی بە کوتووپڕە. ئەوەی راستی بێت هەر کات پێم خۆش بێت تەلەفۆنی بۆ دەکەم. کە ٧ جار قامکم دەنێم بە سەر دەستگای تەلەفۆنەکەدا ، لەو بەری هێڵەوە دەنگی هاوڕێکەم دەبیستم. ئەلۆ.

دیالۆگە تەلەفۆنییەکانمان زۆر گرینگ نییە. ئەوەی گرینگە ئەو راستییەیە کە بەردەوام ئەو هەموو کات تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ. هەندێ کات بەیانییان و هەندێ جاریش شەوان تەلەفۆنی بۆ دەکەم.

دەڵێ دەڕواتە سەر کار. بەڵام دەڵێم چ بەڵگەیەکت بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەت هەیە؟ دەڵێ ژنی هەیە و بەم حاڵەشەوە من هیچکات ژنەکەیم نەدیوەو لە ماوەی ٧ ساڵی رابردوودا تەلەفۆنەکەی هەڵنەگرتووە.

ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ دەورووبەری کاتژمێر یەک و نیو تەلەفۆنم بۆ کرد. وەک هەموو جار خۆی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت. تەلەفۆنەکە تەنیا یەک جار زەنگی لێ دا. ئیتر خەریکە بەو باوەڕە دەگەم هاوڕێکەم لە ساڵی ١٩٧٢ەوە خانەنشین کراوە و تەنیا کاری ئەوەیە لە ماڵەوە دانیشێ و چاوەڕوان بێت من کەی تەلەفۆنی بۆ دەکەم.